

# ووتوبێژ سەبارەت بە منداڵان

نامیلکە بۆ لاوانی یەکەی منداڵان

سڵاو لاوی بەڕێز! ئایا دەیەوێت قسە بکەیت لەسەر ژیانی خۆت؟ لە یەکەی منداڵان مۆدێلی ووتوبێژی سەبارەت بە منداڵان هەیە کە ئارمانجی خۆشگوزەرانیی ژیانی ڕۆژانەی لاوان و گەنجانە. لە سەرەتادا ووتوبێژی سەبارەت بە منداڵان دەکرێت کە بە درێژای ١ تا ١،٥ کاتژمێرە. دوای ئەوە بیر لەوە دەکەین کە ئەوە دەتوانێت چۆن و بۆ کێ یارمەتیدەر بێت.

**هۆکارەکانی پارێزەر کە یارمەتیی بەسەرکەوتن دەکەن**

هۆکارەکانی پارێزەر ئەمانەن:

- ڕۆتینیەکانی ژیانی ڕۆژانە، خواردنی تەندورست و پشوودانەوە
- پەیوەندیی باش لەگەڵ خێزان و کەسوکارەکان
- پەیوەندیی نزیک و باوەڕپێکراو لەگەڵ بە لای کەمەوە کەسێکی گەورە (بۆ نمونە لە خوێند-نگە، وەرزش، یەکەی منداڵان)
- تێگەیشتنی لە بارودۆخی خۆی بە پێی تەمەنی خۆی
- هەستکردن بە ئەندامبوون لە پۆلی خوێندنگە یان کۆمەڵگا
- خوێندکاریی منداڵەکە
- منداڵەکە دەتوانێت هەستەکانی خۆی دەربڕێت و لە ڕۆژی قورسیشدا یارمەتیی بکرێت
- وەرزشی باش
- هاوڕێکانی هاوتەمەن

**بابەتەکانی ووتوبێژ لەسەر منداڵان ئەمانەن**

- ژیانی چۆنە لە خوێندنگە، لە یەکەی منداڵان و لە کاتی پشوودانداندا
- چی هۆکارەکانی پارێزەری ژیانی لاوان هەن
- چی هێز یان قەلسیی لاوان یان ژیانیان هەن

مەبەست لە هێز لێرە ئەوەیە کە بتوانی شتێک بە ئاسایی بکەیت.

مەبەست لە قەلسی ئەوەیە کە شتێک کێشە بێت. یان شتێک کە دەتوانێت ببێت بە کێشە ئەگەر چارەسەر نەکرێت.

هێز و قەلسیەکان لە نێوان لاوان و ژینگەکەیاندا پەیدا دەبێت لە هەردوو لایەوە و مومکینە کە کێشەکان چارەسەر بکرێن.

بەشداریکردن لە ووتوبێژی سەبارەت بە منداڵاندا دڵخوازانە یە و کارتێکردنی لەسەر داواکاریی مافی پەنابەرێتی یان بڕیارەکان نییە.



TURVAPAIKKA-, MAAHANMUUTTO- JA KOTOUTTAMISRAHASTO
Euroopan unionin tuella